# بەیادی ئێوە

یاسین بانیخێلانی

ئەی شەهرزادەکانی
چیرۆکی هەزارو دەشەوەی
شەڕ
ئێستا لە گێڕانەوەی کام چیرۆکی
عەشقدان بۆ
بەهاری ئازادی!
ئەی شەهرزادەکانی
چیرۆکی هەزارو دەشەوەی
مەرگ
ئێستا لە گێڕانەوەی کام چیرۆکی
بەهاری ژیاندان!
ئەی شەهرزادەکانی
چیرۆکی هەزارو دەشەوەی
ناو ئەشکەوتەکان
ئێستا لە گێڕانەوەی کام چیرۆکی
گۆرانی هەتاودان
ئەی شەهرزادەکانی
چیرۆکی هەزارو دەشەوەی
مەملەکەتی ترس
ئێستا لە گێڕانەوەی کام چیرۆکی
ڕۆژانی ڕابردوودان
بۆ شەهریارەکانی دوور لە ئێوە
ئەی شەهرزادەکانی
چیرۆکی هەزارو دەشەوەی
مەملەکەتی چەقۆ
ئێستا لە گێڕانەوەی کام چیرۆکی
ژاکانی گوڵەکان. . .
سەربڕینی پەپولەکان. . .

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

لە سێدارەدانی ماچ و

هەڵواسینی گۆرانییەکانی

عەشقدان !

بۆ شەهریارەکانی دوور

لەگوڵ، دوور لە پەپولە، دوور لە ماچ و

گۆرانییەکانی عەشق

ئەی شەهرزادەکانی

چیرۆکی بێکۆتایی

مەمکەکانتان لە چاوەڕوانی

کام لە شەهریارەکانی دوورە وولاتیدا

تورت بووە

لێوەکانتان لە چاوەڕوانی

کام لێوی زبری شەهریارانی دوورە وولاتدا

شەقیان بردووە

ئەی شەهرزادەکانی

چیرۆکی بێکۆتایی چاوەنواڕی

بە یادی ئێوە

لە چاوی ئەم بەهارە سەوزەوە

دەنوارمە

شەقەی باڵی کۆترە سپییەکانی

ڕۆحی ئەنفال و

لالە سورەکانی

دەشتی هەڵەبجە

بەڵێ، بە یادی ئێوە

من شەرابی شکانی کۆت و بەند

پێك لە دوای پێك ئەنۆشم و

گۆرانی بۆ ئەم بەهاری

ئازادییە ئەچرم

بەڵێ بە یادی ئێوە

هەر بە یادی ئێوەوە

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

دوا ئاواز بۆ كۆتایی چیرۆكەكانی

ژێر پەچەو خەندە خەماوییەكانتان

ئەچرم

ئەی شەهرزادەكانی

نیشتیمانی

خەم

Heidelberg 21. 04. 2003

www.kurdistannet.org كوردستان نێت